# ئینسان بوونەوەرێکی ناڕازییە

ئەو حیزب و ئایدۆلۆژیا و دینەی پێیوایە بەباوەڕ و هێزی خۆی تائەبەد لە ئینسانەکان ئەباتەوە و ڕازیان ئەکات، نیشانەی ئەوەیە کە تێناگات ئینسان چ بوونەوەرێکی ناڕازییە، ناڕازیبوونی ئینسان بەشێکی وجودیی ئەم بوونەوەرەیە، بەشێکی گەورەی ئەم دەستکەوتانەی ئێستاش کە لەسەر ئەم ئەستێرەیە هەیە بەرهەمی ئەم ناڕازیبوونانەن.

بەڵام بێ تێگەیشتن لە خودی توڕەبوون کە بەشێکی گرنگی ناڕازیبوونە، مەحاڵە لە ئینسانەکان تێبگەین، مەرج نییە هەموو ئەوانەی توڕەن تێبگەن کە بۆچی توڕەن، بەڵام مەرجە ئەوەی توڕەبوونەکانی ئاڕاستە ئەکرێت، تێبگات کە بۆ ئینسانەکان لێی توڕەن. هەرچ کاتێک دەسەڵاتە سیاسییەکان توانای تێگەیشتنیان نەما لە ماناکانی تورەبوون، ئینسانەکان ئەکوژرێن. ئەو کاتەشی ئینسان لە ژێر سایەی دەسەڵاتی سیاسیدا کوژرا، لەوساتەوە یەکەم دەنکە لمی ئەو سەعاتە لمیە ئەڕژێت کە کاتی نەمان و فەوتانی ئەو دەسەڵاتە دیاری ئەکات.

ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی کە نەتوانێت لە توڕەبوونی گەنجان بگات، نیشانەی ئەوەیە کە خۆی چیتر گەنج نییە، هەرچ دەسەڵاتێکیش نەیتوانی توڕەبوونی گەنجان بکات بە وزەی گۆڕان لە خۆیدا، زوو پیر ئەبێت، دیارە پیریش زۆر ناشیرینە بێ مردن. ئێستا دەسەڵاتی سیاسی کوردی لە نێوان دوڕیانێکدایە، یان ئەبێت ژیان هەڵبژێرێت، یان پیری و خۆ ئامادەکردن بۆ مردن. ئەوەی بیەوێت ژیان هەڵبژێرێت، ئەرکەکانی قورسترئەبێت، چونکە ئەبێت هەمیشە هەستی گوێگرتن و فێربوون لەناویدا ئامادەبێت، ئەوەی پیریش هەڵئەبژێرێت مردن لە پاڵیدا وەستاوە.

ئەو کاتەشی قسەکردن و نووسین و ناڕەزایی سیحریان نەما لە بەردەمی دەسەڵاتی سیاسیدا، توندوتیژی دێتە ئاراوە، خەتاباری یەکەمیش هەمیشە لە هاتنە ئارای توندوتیژیدا خودی دەسەڵات خۆیەتی نەک کەسی ناڕازی، چونکە ئەوە کە گوێناگرێت. ئەوەی لە توندوتیژیدا زەرەرمەندی گەورەیە ئەو بەشە گەورە و دەستڕۆیشتووەی ناو دەسەڵاتە کە بێ موبالاتانە سەیری توڕەبوونەکان ئەکات.

پێمسەیرە دەسەڵاتی کوردی هێندە بێ موبالاتە لەبەردەم توڕەبوونێکدا کە ئەکرێت تەخت و تاراجی نەهێڵێت، ئاخر دەسەڵاتێک ئەبێت نەترسێت بەرامبەر بە توڕەبوونی خەڵکەکەی کە خاوەنی سیستەمێکی بەهێزی سیاسی و قانونی گەورەبێت، کە تۆ خاوەنی سیستەم نیت و لەسەر سەرزەمینێک مەملەکەتەکەی خۆت بنیاتناوە کە سەرزەمینی سۆزە نەک عەقڵ، چۆن ناترسیت! تۆ بۆیە ناشترسیت چونکە عەقڵ لە

ماڵەکەی تۆدا ناتوانێت دەستی بگاتە ئەو زەنگەی کە بەخەبەرت بێنێتەوە و پێتبڵێ: فریا کەوە خۆت فێری گوێگرتن و فێربوون بکە دەنا تۆ هێندە پیریت بای ئەجەل خۆڵت لەگەڵ خۆی ئەبات بۆ نادیاری.

ئەکرێت بەردەرکی سەرا چۆڵبکرێت و هەمووان بچنەوە ماڵی خۆیان، بەڵام ئەوەی چۆڵنابێت و ناچێتەوە ماڵی خۆی، هەستی هەستکردنە بە ئازادی، ئەوەی پێیوایە ئەم هەستە ئەکوژێت و ئەیباتەوە، سیاسییەکی بێ باکی بیرنەکەرەوەیە کە تابوتەکەی لە تەختەی کوردسیەکەی خۆی دروستئەکات.

گوێ لەم زەنگی خەتەرانە بگرن، گوێ بگرن، دەنا لافاوێک خوێن و ملیۆنان شەپۆلی ئاگر بەڕێوەیە، من شاعیرم و پێغەمبەر نیم، بەڵام من وێنەی تەڵخی ئەو لەشکرە بەربەرییە ئەبینم کە هەموومان ئەخاتە ژێر پێی ئەو دێوی مەرگانەوەی کە سواریبوون. هەموومان ئەسوتێین و خوێنمان ئەڕژێت و ژیانیش تا ئەبەد بەجێمان دێڵێت.